مەهاباد قەرەداغی

# دەنگێکی دڵنیاکەرەوە




پەیامی ڕاستەقینە مەرگیش ناتوانێ ڕێگەی گەیشتنی لێ بگرێت و هەر دەگاتە جێ. پەیام پڕە لەو بەهایانەی کە هەڵگرەکەی خاوەنیەتی. مرۆڤ دەتوانێت ئەوە ببەخشیت کە هەیەتی، هەرگیز ناتوانی شتێ کە نەتبێت بە کەسانی دی ببەخشیت. ئەوەی خوودانی بەهای خۆشەویستییە، خۆشەویستی دەبێتە پەیامی و مەرگی ناوادەش ڕێگەی نەدات، پەیامەکەی هەر دەگات.

مەرزیەی فەریقی، نەک تەنها خوودانی ئەو عەشقە مرۆییە بوو، بەڵکە لەگەڵ ئەو بەهایەدا وا ئاوێتە ببوو، کە بووبوون بە یەک. دوور و نزیک هەستی بە خەرمانەی ئەو خۆشەویستییە دەکرد کە دەوری دەروونی داوە و بەسەر کەسانی دوور و نزیکدا پەخشی دەکاتەوە.

مەرزیە ڕۆحی خۆی بە خۆشەویستی ئاو دەدا، بۆیە هەردەم بیری لە لای پرۆژەی پەخشکردنەوەی خۆشەویستی بوو لە ڕێگەی دەنگێکەوە کە ئارامی دەبەخشی. ڕاستە مەرزیە دەنگخۆشترین ژنە هونەرمەندی کورد بوو، وەلێ نهێنی دەنگی مەرزیە لە خۆشییەکەیدا نەبوو، بەڵکە لەو وزەی عەشقە بێپایانەیدا بوو کە وەک تاڤگە لە دوندی دەروونییەوە هاژەی دەهات و، لە ڕێگەی لەرەی دەنگییەوە ئاسوودەیی بە جەماوەرەکەی دەبەخشی.

مەرزیە مەرزێکی بۆ خۆشەویستی دانەنابوو، بێئەندازەیی ئەو بەهایە لای ئەو بوو بووە هەوێنی دلۆڤانی و بەخشینی بەردەوامی هونەری ڕەسەن و، وەرگرتنی بڕوانامەی سەرکەوتن و دەرکەوتن. بیرکردنەوە لە نوێ، لە ڕچەشکاندن، لە پەیامی ئاشتیخوازانەو لە بەخشینی خۆشەویستی مەرزیەی کردبوو بەو ژنە پایەبەرزەی کە پایەدارەکانیش ئێرەیی پێ ببەن.

کۆچی مرۆڤی وا کۆچی دوایی نییە و کۆچێکی کاتییە، بۆیە کەس دان بە مەرگیاندا نانێت و ناسنامەی نەمریی وەردەگرن. ئەوانەی لەم گەردوونەدا خاوەنی پەیامی ڕاستەقینەن تۆوی ڕۆحی خۆیان چاندووە، بۆیە لە پاش خۆیان ئەو تۆوە پێدەگا و دەڕسکێ و دەبێتەوە پەخشکەرەوەی هەمان پەیامی خۆشەویستی.
هێشتا کۆچەکەی مەرزیە نەگەیشتبووە چل ڕۆژ، تۆوی گوڵەمەرزیە کە (دڵنیا)ی کچێتی، کە پەروەردەی باوەشی گەرم و پڕ لە سۆزێتی (سرودی یەکسانی) بەوپەڕی بڕوا و خۆشەویستییەوە پێشکەش کرد و، یەکەمین موژدەی دڵنیایی بە مەرزیە و بە ئێمە هەمووومان بەخشی. دەبینین کەمتر لە ساڵێک دوای کۆچی مەرزیە، بە دەنگێکی دڵنیاکەرەوە، سترانەکانی دایکی، کە خۆشەویستی ئەو بوو بۆ خەڵکەکەی، بە جەماوەرەکەی بەخشی.

دڵنیا ڕەزازی، بەم دەنگ و سەنگەوە، بۆ هەمووومانی سەلماند کە خاوەنی هەمان سەرچاوەی خۆشەویستییە، بۆیە دەتوانێت بەو پەڕی دڵنیاییەوە، ئەو خۆشەویستییە ببەخشێت و بەردوامی بە بەخشینەکانی مەرزیە بدات. هێشتا بەرهەمێکی دیکەی مەرزیە ماوە دڵنیا پێمان ببەخشێت، سترانێکی درێژە و ماوەکەی یەک کاتژمێری تەواوە، کە لەمەودوا کاری بۆ دەکات و بێگومان ئەویشیان بەوپەڕی خۆشەویستی و دڵنیاییەوە پێشکەش دەکات.

دڵنیا ڕەزازی، کە سەلماندنی خاوەنی ئەو بەهرە و توانا و خۆشەویستییەیە، پێویستە بەردەوام بێت لە داهێنان و ئەو پلەی پێشڕەوێتییەی کە ئێستا بەدەستی هێنا، بەردەوام گەشەی پێ بدات. ڕاستە بۆ ژنی ڕۆژهەڵاتی، لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ئەو ڕێگایانە ئاسان نین و، بە تەلبەند و دڕکەزی گیراون و دەورەدراون، وەلێ پێویستە سڵ لەو کۆسپ و تەگەرانە نەکرێنەوە و، لە مەیدانی داهێناندا هەنگاو بنرێت.

چیت هەبێت، تەنها دەتوانی ئەوە ببەخشیت. پێویستە ئەو ژنەی دێتە نێو مەیدانی هونەر، یان ئەدەب، یان سیاسەت، یان هەر بوارێکی دیکەوە ئەوەی لەبەرچاو بێت کە کەسانێکی دیکەش هەن ئەوە دەبەخشن کە هەیانە و، تەنها ڕق شک دەبەن و ڕق دەبەخشن، تەنانەت ئەگەر خۆشەویستیشیان پێ ببەخشیت وەریناگرن و پارێزگاری لە ڕقی دەروونی خۆیان دەکەن و هەر ئەوە دەبەخشنەوە. مرۆڤ کە هاتە نێو مەیدانەوە و ئەو ڕاستییەی هەرس کرد، دەتوانێ ڕێ لە وەرگرتنی ڕق بگرێت و ، بەردەوامی بە (دان و ستان)ی پەیامی خۆشەویستی بدات. گرنگە هەر لەم سەرەتایەوە ئەم چەند دێڕە بە گوێی دڵنیای خۆشەویستدا بدەم و پێی بڵێم: نهێنی سەرکەوتن و دەرکەوتنی مەرزیە لەوەدا بوو کە خۆشەویستییەکانی وەردەگرت و لە خۆیدا پەرەی پێدەدا، ڕێگەی نەدەدا هیچ هەستێکی نێگەتیڤی کەسانی دی بێنە نێو دەروون و بەدەنیەوە. ئەوەی لە نزیکەوە ئەو شێرەژنە مەزنەی ناسیبێت، دەزانێ چۆن کەسانێکیش هەبوون پڕیشکی ڕقیان بۆی دەنارد، وەلێ خۆشەویستییەکەی دەروونی ئەم ئەوەندە بێسنوور بوو، جێگەی نەهێشتبووەوە بۆ هیچ هەستێکی دیکە و لە ئاکامدا مەرزیە بوو بە ئەستێرەیەکی گەش و ڕۆحێکی نەمر و وانەیەکی خۆشەویستی سەرکەوتوو بەسەر ڕقدا.
بۆ ئەوەی بەردەوام بیت، سڵ لە بەربەستەکان مەکەرەوە، تەنها گوێ لەو دەنگانە بگرە کە هەستی خۆشەویستیت بۆ دەردەبڕن و ئەوانی دی فەرامۆش بکە. خۆشەویستی و تەنها خۆشەویستی، خۆشەویستم دڵنیا گیان.

2006/11/30